# جیهانگەریی جەنگ

**ئەمجەد شاکەلی**

گردبوونەوەی (هاوپەیمانیی جەنگ ڕاگرن)، گردبوونەوەیەکە لە سەروبەندی جەنگی دژ بە عیراق و هێرشکردنە سەر عیراق و داگیرکردنی عیراقدا هاتە ئاراوە، کە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئەنجامیان دا. مەبەست لەم خڕبوونەوەیە ڕاگرتنی جەنگ و کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە بوو لە عیراق.

ئەمساڵ لە ڕۆژی شەممە، 1-12-2007، لە ژێر دروشمی"جیهان دژ بە جەنگ/ 2007"، لە هۆڵی نێوەندیی وێستمینیستەر لە لەندەن ئەو هاوپەیمانییە کۆنفرانسی دووەمی خۆی بەست. ئەم کۆنفرانسە درێژەپێدانی یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەییە، کە بۆ ئاشتیی، لە مانگی دیسەمبەری 2005دا گیراوە.

کۆنفرانسی ئەمساڵ، لە سەعات 10ی سەرلەبەیانییەوە دەستیپێکرد و تا سەعات 6 ی پاش نیوەڕۆی خایاند.

کۆنفرانسەکە بە سەر پێنج بەش و حەوت تەوەردا دابەش کرابوو.

بەشی یەکەم: بەخێرهێنان و قسەی گشتی، کە بۆ هەموو ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە بوو.

بەشی دووەم: دوو تەوەری لە خۆ گرتبوو، کە هەردوو تەوەرەکە لەیەککاتدا و لە دوو هۆڵی جیاواز بەڕێوە دەچوون. تەوەری یەکەم: ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تەوەری دووەمیش: دژی داگیرکردنی عیراق.

بەشی سێیەم: دوو تەوەری لەخۆ گرتبوو و هەردوو تەوەرەکە لەیەککاتدا و لە دوو هۆڵی جیاواز بەڕێوە دەچوون. تەوەری یەکەم: ئەوروپا، بزاڤەکە. تەوەری دووەم: ئەفغانستان/ پاکستان.

بەشی چوارەم: ڕاپۆرتی جیهانی.

بەشی پێنجەم: دانیشتنی کۆتایی، کە بۆ هەموو بەشداربووانی کۆنفراسەکە بوو.

پتر لە دووهەزار کەسێک لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون. خەڵک و ڕێکخراو و بزاڤ و کەسایەتیگەلێکی جیاواز، کە لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەوە هاتبوون، تێیدا بەشدار بوون.

بێجگە لە چەندین ئەندام پەرلەمانی بریتانی، بە تایبەت ئەوانەی سەر بە گرۆی(Respect)، کە گرۆ و بزاڤێکن، خۆ بە جێگرەوە و یا لەبری پارتیی کرێکارانی نوێ دادەنێن و کەسایەتی ئینگلستانیی دیکە، نوێنەری کۆمەڵێک ڕێکخراو و دەستەی جۆراوجۆری:

بریتانی(پارتیی کارگەرانی بریتانی، پارتیی کارگەرانی سۆشیالیست، پارتیی سەوز، دەستپێشخەری موسوڵمانان، فیدراسیۆنی موسوڵمانانی بریتانی)، ئێرانی(حیزبی توودە، کەمپەینی ئێرانی، دایکانی ئێرانی دژە جەنگ و..)، عیراقی(سەندیکای کارگەرانی نەوتی عیراق، دیموکراتە عیراقیەکانی دژە جەنگ، نووسەران و ئەکادیمییانی عیراق، وەڵامدان بدەنەوە)، چیکی(کەمپەینی بێسنوور، ڕێکخراوی پاراستنی شارەوانییەکان)، ئەڵمانی(پارتیی چەپی ئەڵمانی)، ئایرلەندی(بزاڤی دژە جەنگی ئایرلەندی)، یۆنانی(هاوپەیمانیی جەنگ ڕاگرن/ یۆنان)، پاکستان(ئەنیستیتووتی بارهێنانی کارگەرانی پاکستانی)، کەنەدا(هاوپەیمانیی ئاشتی کەنەدایی)، لوبنان(پارتیی کۆمۆنیستی لوبنان، حیزبوڵڵای لوبنان)، کۆریا(کۆرییاییانی دژی داگیرکردنی عیراق)، ئەمەریکا(کارگەرانی ئەمەریکایی دژە جەنگ) و ئیتالی و ئەندام پەرلەمانی مسری تێیدا بەشدار بوون و هەموو گوتار و قسەی خۆیان هەبوو.

زۆری قسە و باسەکان دژی سیاسەتی ئەمەریکا و ئینگلستان بوون لە عیراق و ئەفغانستان و دژی ئەگەری لێدانی ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە و دژی سیاسەتی ئیسرائیل لە لوبنان و فلستین بوون.

هەموو داوای هەرچی زووتر و دەسبەجێی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ئینگلستانیان دەکرد لە عیراق و ئەفغانستان. هەموو داوایان دەکرد، هێرش نەکرێتە سەر ئێران و هەموو دژی جەنگ بوون لە هەموو جیهاندا، کە ئێستاکە بە هۆی جیهانگەری و سیاسەتی ئەمەریکاوە، جەنگیش بە ناوی بەرگری و ڕێگەگرتن لە تەرۆریزم، بووەتە بەشێکی هەرەگرنگی جیهانگەری، ئەو جیهانگەرییەی پەیامی پیرۆزی ئەمەریکایە بۆ هەموو جیهان. ئێستا، کە جیهانگەری ئەمەریکێنراوە، جەنگیش ئەمەریکێنراوە. جەنگی ئێستا سنوور دەبەزێنێت و سەر بە هەموو قوژبنێکی جیهان و هەموو ئاواییەک و هەموو ماڵێکدا دەکات. جەنگ جەنگی ئەمەریکایە، دژی هەموو بێهێزێکی ئەم جیهانە.
کوردیش یەکێکە لەو بێهێزانەی جیهان، کە ئەگەر هێشتا داگیرکەرانی نەیانتواندبێتەوە ئەوا پرۆسەی جیهانگەری(ئەمریکاگەری) وا بەرەبەرە بەرەو تواندنەوەی دەبات!
ئەوەی تاکە یەک نوێنەر و یەک کەسی قسەکەری، لەو خڕبوونەوە و کۆنفرانسەدا نەبوو، کورد بوو. ئەوەی کە دەنگی نەبوو، کورد بوو. ئێمە پێنج کەسێک وەک نەفەر و گوێگر لەوێ بووین، بەڵام ئێمە تەنێ نوێنەری خۆمان بووین و لە بەرنامە و لیستی نوێنەر و قسەکەراندا نەبووین.
لە سیاسەتدا گەلێک جاران، ئەوانەی خۆ بە سیاسی دەزانن و دەم لە سیاسەت دەدەن، دەربڕینی "هێلکە و سەبەتە" بەکار دەبەن. دەڵێن"نابێ هەموو هێلکەکان بخەینە سەبەتەی فلانەوە یا هەموو هێلکەکانی خستووەتە سەبەتەی فلانەوە یا هەموو هێلکەکان مەخەرە سەبەتەی فلانەوە". مەبەست لەو گوتەیە ئەوەیە، کە ئیدی "سەدلەسەد خۆی گرێ داوە بە فلانەوە" و "تەواوی کۆمەکی هەر فلانە" و "تاکە پشتیوانی فلانە" و "بڕوای تەنێ بە فلانە" و "تەنیا چاوەڕێی دەستی فلانە".
ساڵی 1974-1975، سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان، کە ئەودەمی بارزانی(باوک) سەرۆکی بوو، هەموو هێلکەکانی خستبووە سەبەتەی ئەمەریکا و ئێرانەوە. تێکشکان و هەرەس و نسکۆی 1975ی بەسەردا هات. دوای دەستپێکردنەوەی جەنگی چەکداری هەر دوای چەند مانگێک لەو هەرەسە، جەنگگێڕانی نوێ، هۆی شکستی 1975یان بەوە لێکدەدایەوە، کە لەبەر ئەوەی سەرکردەیەتی کورد، خۆی گرێدابوو بە ئێران و ئەمەریکاوە و هەموو هێلکەکانی خستبووە سەبەتەی ئەوانەوە، بۆیە دۆڕا و شکستی خوارد. بە گوێرەی ئەو قسەیە دەبوو ئەمانەی نوێ(ئەوانەی بە ناوی شۆڕشی نوێ و شۆڕشی گوڵان)ەوە هاتنەوە مەیدان، ئیدی هێلکەکانیان نەخەنە یەک سەبەتەوە، بەڵکە بەسەر چەندین سەبەتەی جیاوازدا بیبەشنەوە. ئەو چەند ساڵەی نێوان 1975-1991، حیزبەکانی باشووری کوردستان، لە نێوان سووریا و ئێران و لیبیا و ئەوروپا و گەلێ وڵاتی دیکەدا تەراتێنیان دەکرد و هێلکەکانیان دابەشی نێو سەبەتەکانی ئەو شوێنانە دەکرد. لە 1991یشەوە، کە بەشێکی باشووری کوردستان کەوتە بندەستی ئەو حیزبانەوە، ئیدی تەنیا یەک سەبەتەیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی هێلکەکانی خۆیانی تێدا دانێن، ئەویش سەبەتەی ئەمەریکا بوو. کەواتە سەرکردەیەتی سیاسیی و سەرانی کورد، گەڕانەوە بۆ سیاسەتێک، کە دەیان ساڵی بە سەردا تێپەڕ بووبوو و لە 1975دا پێرۆ دەکرا و کە بۆ خۆیان هەموو بە هەڵەیان دەزانی!
کورد لەوێ دەمییەوە تا ئێستاکە، تەنیا یەک سەبەتە دەبینێت و هێلکە دەکاتە یەک سەبەتەوە. کورد تەنیا ئەمەریکا دەناسێت و بەس. وا حیزبەکانی دەسەڵاتی کوردستان و ئەوانەیشی هاوکار و هاوپشکیانن، وایان بیرکردەوە و وایان کرد، خۆ خەڵکی دیکەی کورد هەن، دەم لە دژایەتی سیاسەتی ئەمەریکا دەکوتن و خۆ بە دژە جەنگ دەزانن! دژەجەنگبوون، تەنیا دژایەتی ئەمەریکا و داگیرکردنی عیراق ناگرێتەوە، بەڵکە دژی جەنگی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و دژی جەنگی ئیسرائیل لە فلستین و لوبنان و دژی ڕێگەخۆشکردن بۆ جەنگ و لێدانی ئێران و دژی جەنگ لە سۆمال و دژی جەنگ لە هەموو شوێنێکی جیهان دەگرێتەوە. کوردیش وەک خەڵکێکی جەنگدیدە و جەنگگەستە، کە هەمووودەمێک

مەترسی جەنگی لە سەر بووە و لە سەرە، جەنگی تورکیا، جەنگی ئێران، جەنگی سووریا و جەنگی دەیان گرووپی جۆراوجۆر لە عیراقی ئێستا، بێجگە لەوەی کە هەمیشە تووشی کوشتن و لەنێوبردن و هەڵواسین و ڕاگواستن و سەد بەزمی دیکە بووە و دەبێ و نوێترینیشیان ئەم هەڕەشە و پەلامارەی تورکیایە بۆ سەر باشووری کوردستان. خۆ دەبوو خەڵکانێکی کوردی داکۆکیکار لە ئازادی مرۆڤ و دژەجەنگ یا چەپێک، کۆمۆنیستێک، ئیسلامییەک، پەکەکەییەکی کورد، لەم خڕبوونەوەیەدا بەشدار بوایەن، بەڵام نەء یەک تاکە کەسی لێ نەبوو و یەک کەسیش لەو کۆنفرانسەدا گوێی لە دەنگی کورد نەبوو، لە کاتێکدا ئەگەر بەراوردی کورد(لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە یەکەوە) بکەیت لەگەڵ هەموو وڵاتێک لە جیهاندا، ئەوا کورد لە هەموو خەڵکێکی دیکە زیاتر گرۆ و حیزب و دەستەی چەپ و کۆمۆنیست و سۆسیالیست و...ی هەیە.

چەند کەسێک لەو ئینگلیزانەی بەشدار بوون جاروبار لە قسەکانیاندا ناوی کوردیان دەهێنا و دژی لەشکرکێشی تورکیا شتێکیان دەگوت، بەڵام دەبوو کورد بۆ خۆی ئەوەی گوتبا و چاوەڕێی دەمی خەڵکی نەکردبا.

کورد بەوەی، کە خۆی بە ئەمەریکادا هەڵواسیوە و پێیوایە ئەمەریکا دۆستیەتی، ئیدی کەسی دیکەی بۆ خۆی نەهێشتووەتەوە و دەستبەرداری ئەو جەماوەرە بەرینە و ئەم خەڵکە، خەڵکی هەموو جیهان و بە تایبەتیش خەڵکی ئەوروپا بووە و ئەو هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و چەپ و دژەجیهانگەری و دژەئیمپریالیزمەی وازلێهێناوە و تەنێ دەزانێت یەک ئاواز بخوێنێت و یەک جۆر سەما بکات، ئەویش هەڵدانیەتی بە سەر و باڵاگەردانیەتی بە دەوری باڵای ئەمەریکا و بووش و هاوبیرانیاندا.

کورد(نەک هەر سەران و دەسەڵاتەکی، بەڵکە تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەیشی، کەمینەیەکی لێ دەرچێت) ئێستا لە خانەی ئەمەریکادایە و ئەگەر کەسێکیش ناوی کوردی بە سەر زاردا بێت و بەزەییەکی پێدا بێتەوە، ئەوە دڵسۆزی و مرۆڤدۆستی و هەست و پیاوەتی و گەورەیی خۆیەتی، دەنا بەڕاستی کورد هی ئەوە نییە، خەڵک بەزەیی پێدا بێتەوە.

گومان نێکەم فلانی، ئەگەر ئەو خڕبوونەوە و کۆنفرانسە، چەقەنە و سووڕدان و زوڕناژەنی و گۆرانیی بێتام و گۆڵمەز بووایە یا تەنیا بۆ کورد بووایە، نەک دووهەزار، بەڵکە پێنجهەزار کورد، دەهاتن و دوو سێ شەڕەگەڕەکیان ساز دەکرد و چەند کەسێکیشان لێ خوێناوڵ و بریندار دەبوون و بڕێکیشیان چەند شەوێک میوانی پۆلیس دەبوون و بێجگە لەوەش تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان وەک کارێکی فرە گرنگ ڕاستەوخۆ ئەو چەقەنە و گۆڵمەزەیان، بۆ خەڵکی کوردستانیان دەگواستەوە!

2007-12-7